کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-7-2007 1:30

**جەمال عەبدوڵلا تووشی وەهم بووە؟ یان دەسەلآت تووشی کردووە ... زانا عەلی**

لەیەکێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی میدیادا جەماڵ عەبدوڵلا بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە دەیەوێ خۆی لەو واقیعە لابدات کە پێشتر لەوتارێکیدا لەهەمان ڕۆژنامە بڵاوی کردبۆوە، هەرچەند قسەکردن لەسەر ئەو بابەتەی جەمال عەبدوڵلا پێویست نییە، چونکە مەرامی نووسینی بابەتەکە لەلایەن جەمال عەبدوڵلا تەنها خۆ دەرخستنێکەو دەیەوێ هەریەك لە نووسەران (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح، شوان ئەحمەد) وەڵامی بدەنەوە، چونکە وەڵامدانەوەی ئەو سێ نووسەرە، وەرگرتنی خەڵاتێکی باشە بۆ بەڕێز جەمال عەبدوڵلا، لەبەرئەوەی تووشی پەتای خۆ دەرخستن بووە، ئەمەیە وای لەو برادەرە کردووە خۆی لێ بگۆڕێت و خۆی بەیەکێك لەهەرە نووسەرە ئەفرێنەرەکان بزانێت، دیوێکی تری نووسینی ئەو وتارە لەهەست بەخۆکردنە، هەستدەکات ئەو ناتوانێت خۆی ڕۆشنبیربکات و بنووسێت و خەڵکانێك هەبن نووسینەکانی بخوێننەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ دەستی داوەتە نووسینی بێ ماناو دوژمنکارانە، کە ئەمەش ئیشی نووسەری بەئاگاو ڕۆشنبیرنییە، کاك جەمال گەر یەکێکیتر بینووسیایە دەکرا کەمێك متمانە بەنووسینەکە بکرێت، بەڵام کاتێك تۆ لەسەر ئەم سێ ڕۆشنبیرە دەنووسیت ئەمە ڕاقەی تری بۆ دەکرێت دەچێتە خانەی گاڵتە بەخۆکردن و لەخۆگۆڕان و خۆدەرخستنەوە، ئەگەر لەخۆگۆڕان نەبوایە تووشی ئەو هەڵەیە نەدەبووی، هەڵە لەچی؟ هەڵە لەو وتارە دوژمنکارانەیە، چونکە پێت وایە هەرکەسێك دێڕێك لەسەر حکومەتی هەرێم بنووسێت، دەبێ تۆ وەڵامت هەبێت بۆی، چونکە ئێستا تۆ دەمڕاستی حکومەتیت، ناچاریت کوێرانە دیفاع لەشتە باش و خراپەکانی حکومەت بکەیت، تۆ دەمڕاستی حکومەتیت بۆیە حکومەت حاڵی بەمشێوەیەو بەری خۆر بە بیژەنگی تۆ ناگیریت! لەبنچینەدا ئەمەش جێی گومانە کە حکومەتێك تۆ وتەبێژو دەمڕاستی بیت! تێناگەم بەکام پێوەرو بەکام خاڵی شایستە تۆ کراویت بە دەمڕاستی حکومەتی هەرێم؟ لەلایەکی ترەوە تۆ ناچاریت بەردەوام بەو وتارە دوژمنکارانەیەی کە ڕۆژانە لەو ڕۆژنامەو لەم گۆڤارو لەو سایتانەدا بڵاوی دەکەیتەوە، خۆت بیری حکومەت بخەیتەوە کە تۆش هەیت و هەمیشە دڵسۆزیت و هەمیشە دەتەوێت ڕاستییەکان بشێوێنی لەپێناو خۆدەرخستن، ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەم ئیمتیازاتانەیە کە لەبەرامبەر ئەو وتارە بێمانایانەدا حکومەت پێتدەبەخشێت، لەسەریکەوە ناهەقیشت ناگرم کە هەر وترا حکومەت... ! تۆ لەولاوە هەڵبەیتێ و نەهێڵی وشەی دوایت حکومەتت گوێ لێبێت، بڵێی باشترین حکومەتە، هەرچەند زۆرێك لەو قسانەی لەرادیۆ لەرۆژنامەکان دەیڵێی و دەینووسی بێمانان و خەڵکی ئەم وڵاتە داماوە مانای شاراوەی پشتی قسەکانیشت دەزانن چونکە زۆر بەسادەیی دەینووسیت و ڕۆشنبیریت هەر بایی ئەوەندەیە کە ڕاستەوخۆ قسەبکەیت و نەزانیت چی دەڵێی، تۆ بەردەوام کار لەسەر شێواندنی ڕاستی دەکەیت، ئەمەیە وای لێکردووی تووشی لەخۆگۆڕان و وەهم بیت. تووشبوونی تۆ بە وەهم بۆ ڕازیکردن و چەواشەکردنی دەسەلآتە نەك خزمەتکردن پێی. بۆ ڕازیکردن و چەواشەکردن و سوودمەندبوونی کەسێتی وای لێکردووی ئەوەندە قسەی بێ مانا بڵێی و وتاری سەیرو سەمەرە بنووسی زۆرجار تووشی هەڵەی مەعریفی و ئەخلاقیشت بکات.

لای بەڕێز جەمال عەبدوڵلا گوناهە نووسەرێك کە ئاستی ڕۆشنبیریی بەهەزارانی وەکو کاك جەمال پێوەر ناکرێت تەنها بری (300) هەزار دینار ڕێزلێنان وەربگرێت، کە لەبنچینەدا نە مەبەستییەتی وەریگرێ و نەخۆیشی کاری بۆ کردووە، بۆ گوناهە بەختیار عەلی-یەك کە دووسەد ساڵی تر تۆ وەك ئەو بیرناکەیتەوە، ڕێزلێنان وەربگرێت؟ بەڵام تۆ ئەوەت بەهەلزانی بۆ ئەوەی بێیتە ناو ناوانەوەو تۆزێك لەو وەهمەی تووشی بوویت چەند هەنگاوێك بچێتە پێشەوە، لای تۆ گرنگ نییە لەکوێ و بەچ شێوەیەك باستدەکرێ، گرنگ ئەوەیە باستبکرێ و لەڕۆژنامەو گۆڤارو سایتەکاندا بە چاك و خراپ ناوت بهێنرێت،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمەیە غیرەیی و تووشبوون بەوەهمی خۆ بەگەورە زانین و رازیکردنی دەسەڵات، چونکە واهەستدەکات کە لەدوای جێگری سەرۆك و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەرپرسی ئەم حکومەتەیە.

برای وتەبێژی تووشبوو بەوەهمی دەسەڵات ئەوەندە بە بێمانایی دەنووسێت کە هەر یەکێك رۆژێك دێڕێکی لەڕۆژنامەکاندا نەنووسیبێت و مومارەسەی نووسینی نەکردبێت، لەو باشتر دەنووسێت، تێناگەم ئەم هەموو دیفاعە کوێرانەیەی کاك جەمال لەحکومەتی دەکات لەپێناوی چییە؟ تەنها لەپێناو ئەو ئیمتیازاتانەیە کە ئێستا هەیەتی؟ یاخود زۆر ئیمتیازاتی تر هەن کە ئێمە نایزانین و ئەو دەیخوات!

جەمال عەبدوڵلای دەمڕاستی حکومەتی هەرێم پێی شەرم نییە قسە بەو کەسانەش بڵێت کە قەڵەمەکانیان ئاڕاستەیەکی جوانی رۆشنبیرییان گرتووە، ئەوەتا کوێرانە قسە بەئازاد جندیانی دەڵێت تەنها لەبەرئەوەی ئازاد جندیانی دەیەوێ رێزی نووسەر بگیرێت و بەو شێوە دوژمنکارانەیەی تۆ قسەیان پێ نەوترێت، ئازاد جندیانی باش لێت تێدەگات کە مەبەست و مەرامی پشت نووسینەکەت چ گەمەیەکی مندالانەیە تۆ دەیکەیت؟ ئەو لەو وەهمە تێدەگات کە تۆ تووشی بوویت. تۆیەك کە هەموو نووسینێکت رەمزێکی دەسەڵات و ئیمتیازێکی لەپشتییەوە وەستاوە ماڵت بووە بەشووشە، کەچی تۆ بەئازاد جندیانی دەڵێی ماڵت لەپەڕەی گوڵ ناسکترە؟ ئەم قسەیەشت دوژمنکارانەیەکی تری تۆیە، چونکە هەست بەوە دەکەی ئەو پیاوەی پێی دەڵێی ماڵت لەپەڕەی گوڵ ناسکترە، رۆشنبیری وەکو تۆی ناوێت و هیچکاتێکیش لەو ئاستە نییە تۆ قسەی لەسەر بکەیت، کە دەڵێی ماڵی لەپەڕەی گوڵ ناسکترە بەکام پێوەر وادەڵێی؟ بە دەوڵەمەندیی و ماڵ و سەیارەو پارەی بانقەکانی ئەوروپای؟ یان بە ئوتێل و پارك و پرۆژە بازرگانییەکانی؟ کاك جەمال ئەگەر تۆ خەباتی وەك ئەوت هەبووایەو وەك ئەو پاکبوویاتایەو رۆشنبیرییەکەت رۆبعێکی ئەو بوایە وەهمەکەت زۆر گەورەتر دەبوو، ئەو کات دێڕی وتارە بێماناکانت بەسەر یەکەوە مانایەکیان دەبوو، یاخود کەمێك لەو وەهم و دوژمنایەتیی و زوڕنا لێدانە دووردەکەویتەوە، وەك خۆت دەڵێی نووسەرم ئەوکات خەڵکیش پێی دەوتی نووسەر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.